کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:47 12-12-2007

**حوکمی دادگا بەسەر ڕێباز ئەحمەد پرۆتستۆ دەکەین و ماددەی 10ی یاسای ڕۆژنامەنووسان.. غەدرێکە لێمان ... ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان لەشاری کفری**

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بەبارێکی ناجێگیردا ملدەنێ و زۆربەی ڕۆژنامەنووسان، ئەوانەی لەدەزگا ئازادەکاندا کار دەکەن هەمووجارێ بەهۆی ئەو یاسا بێسەروبەرەی دادگاو کلتورە کۆتکراوەکانی کرمەڵگەوە تووشی دەمکوتکردن دەبن، حکومەت و پەرلەمانیش کە دوو دەزگان خەریکە مل بۆ ئەوە دەنێن ببن بەمیزاجی کەسەکان، هیچکات بەپەرۆشەوە نەبوون بۆ پرسی ڕۆژنامەنووسان.

ئێستاش کە پەرلەمانی کوردستان یاسایێکی نووسیوەتەوەو بەمەبەستی پەسەندکردنی بۆی دادەنیشێ، دیسانەوە هەوڵ بۆ ئەوە هەیە لەو یاسایەدا شەرعییەت بدرێ بەسووکایەتی پێکردن و زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووس بەیاسا بکرێت، بەلاّم ئەگەر ئەم کوردستانە لەسەر دورگەیەك بووبایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە هەموو سەرکوتکەییەك شەعییەتی پێدەدرا، ئەوەتا پەرلەمانتاران لەدانیشتنەکانیاندا دەڵێن پێویستە شتێکی وا بنووسینەوە کە ولاّتانی تر بەتایبەت ئەوروپا کە چاودێری ئەم هەرێمە دەکەن پێی قایل بێت، هەروەها ئەو ڕێکخراوەی کە ناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە هیچ نییە جگە لەفیلمکارتۆنێك، ئەو ڕێکخراوە تا ئێستا ڕۆژنامەنووسێکی لەزیندان نەهێناوتە دەرێ و تا ئێستاش لەدادگا دادکۆکی نەکردووە لەرۆژنامەنووسان.

ئەمڕۆ کە دیسان لەشاری کفری توانا عوسمان سەرنووسەری پێشووتری هاولاّتی دادگاییەکەی دواخرا، ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات دەستەلاّت ناچێت باری دەزگاکانی چاکتر بکات، دێت ڕۆژنامەنووسان دادگایی دەکات، لای خۆیەوە ڕۆژنامەی هاولاّتی بەتایبەتی ئەوە چەندین جارە ڕووبەرووی دادگا دەکرێتەوە، ئەگەر بەڵگەکانی ڕێباز ئەحمەد پەیامنێری هاولاّتی لە هەڵەبجەی شەهید ڕاستن، چۆن دەبێ دادگا دژی بووەستێتەوە، بۆیە ئێمە وەك کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی گەنجی شاری کفری پرۆتستۆ (ئیدانەی) ئەو بڕیارە دەکەین.

هاوکات ماددەی 10ی یاسای هەموارکراوی تایبەت بەرۆژنامەنووسان زوڵمێکی گەورەیە بۆ ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی باشور، پێویستە سەرۆکی هەرێم واژۆی ئەو یاسایە نەکات، پشتگیری ئەو 10 ئەندام پەرلەمانە دەکەین کە هۆڵی پەرلەمانیان بەجێهێشت، و ئەو 7 ئەندام پەرلەمانەی کە دەنگیان دژی یاساکە دا.

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە ڕۆژنامەنووس خزمەت دەکا نەك تێکدەدات، بەلاّم لەم یاسایەدا بە تیرۆرمان لەقەڵەم دەدا.

هەروەها ئەم یاسایە خزمەتە بە گەندەڵکاران و دژی ڕۆژنامەنووسانە.

ئەوەتا ڕێباز ئەحمەد پەیامنێری هاولاّتی و توانا عوسمان سەرنووسەری پێشووتری هەمان ڕۆژنامەو گۆڤاری بزاو بوونەتە قۆچی قوربانی دەستی ئەم یاسایانە.

بۆیە داوا دەکەین، ماددەی 10ی یاساکە لاببرێت یاخود گۆڕانکاری بەسەردا بهێنرێت و هەرچی زووە ڕۆژنامەنووسان، ئەوانەی دادگا وازیان لێ ناهێنێ، ئازادو سەربەست بن.

ڕۆژنامەنووسە ئازادەکان لەشاری کفری
2007/12/12

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.